سەرۆک کۆمار لەگەڵ وەزیری پلاندانان و گەشەپێدانی ئابووری و هاریکاری نێودەوڵەتی میسر کۆدەبێتەوە

لە پەراوێزی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی کە لە داڤۆس بەڕێوەچوو، سەرۆک د. لەتیف جەمال ڕەشید لەگەڵ وەزیری پلاندانان و گەشەپێدانی ئابووری و هاریکاری نێودەوڵەتی میسر کۆبووەوە کە هەریەک لە فواد حسێن جەگری سەرۆک وەزیر و وەزیری دارایی و دکتۆر عەلی شوکری لەپرسراوی دەستەی ڕاوێژکاران و پسپۆڕان لە سەرۆکایەتی کۆمار و دکتۆر محەمەد دەباغ لەپرسراوی کاروباری عێراق لە سویسرا ئامادەی بون.

سەرۆکایەتی کۆمار بڵاویکردەوە

لەو دیدارەدا پێیوەندیی دووقۆڵی نێوان عێراق و میسری برا لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی تاوتوێ کرا، لەوبارەیەوە سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە قووڵی ئەو پێیوەندییە مێژوویانە کە هەردوو وڵاتی برا پێکەوە گرێ دەدات و گرنگی پارێزگاری ئەو پێیوەندیانە لە هەموو بوارەکان دوپاتکردەوە، ئاماژەیکرد بە گرنگیی سوودمەندبوون لەو دەرفەتە جەراوجەرانەی کە هاتونەتەپێش بە هاریکاری نێوان هەردوو وڵاتی برا.

لای خۆیەوە وەزیری پلاندانان و گەشەپێدانی ئابوری و هاریکاری نێودەوڵەتی پێزانینی میسری، وەک حکومەت و گەلی میسر بە پێیوەندیی برایەتیی لەگەڵ عێراق دوپاتکردەوە، جەختیکردەوە لەسەر هەوڵستی

سەرکردایەتی سیاسی بە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە ئاستە جیاجیاکانی نێوان هەردوو وڵات بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی هەوڵ هاوبەشەکانی هەردولا .